

## جەستەم موڵکی خۆمە

سابات

کورێك نیازیەتی جەستەم مارەکات

نیازیەتی من بکات بەناوی خۆی

تەنها پەنجەیکم دیلی خـــۆی کات

بێئاگا لەرووحــــــــی من

نەخشە ئەکێشی و مــــاڵــــی ئایندەی گوڵ رێژ دەکات

خـــانوو دەکرێت و رەنگی ژوورەکان دیاری دەکات

لە بەر دەرگا گوڵ دەروێنت

تابلۆیکی گەورە لەژووری میوان هەڵــدەواسێ

بۆ ژووری خەوتن رەنگی ســـپی و

رەنگی ئـــاڵــتونی بۆ پەردەکان ئیختیار دەکات

کورێک نیازیەتی جەستەم مارەکات لە خۆی

بێئاگا لەرووحــــــی من

کەمن چەشنی پاسارییەکانم

هەرگیز دیل ناکرێم لەقەفەز

کورێك بەو پەری سادەییەوە

ڕۆژی شیرینمان دیاری دەکات

هەر بەخەیاڵ دەم گوازێتەوە بۆ ماڵەکەی

لەبەر خۆیەوە دڵـــــــــێ

چی لەو بەیانیە پرشەنگ دارترە کەجگە لە خۆر

چاوانی تۆش لەژوورەکەم هــەڵــبێت

کورێك نیازیتی بمکات بەنێوی خۆی

تەنها جەستەم مارەکات لەخۆی

بێئاگا لەرووحــــــــــی من

کە دیلی هیچ قەفزێک نابێت

**هەولێر**

**ســــــــــابـــــــــــات**